# دووباره بەتەنیشت

# دەربەندیخانەوە لەبەرامبەر تاریکیدا

## *وەڵام بەنامەیەکی تاریك!*

**محمد غفور**
mgafor@yahoo.com

**ئەمرۆ ئیمایلەکەمم چیککرد نامەی کەسیکی تیدابوو بەناوی "سەنگاوی باستانی"،کەبە پیتی لاتینی نووسرابوو. لەو رووەوە کەنامەکە لەبەرامبەر نامەیەکی مندا هاتووە کەلەژیر تیتلی(دەربەندیخان لەبەرامبەر تاریکیدا) لەمالپەرە کوردییەکاندا ولەوانەش لەمالپەری دەربەندیخاندا بلاوبۆتەوە، کەبۆ پشتگیری بیدریغم لەنارەزایەتی وخواستی بەرهەق وجوانی خویندکارانی شارۆچکەی دەربەندیخان وخەلکەکەی نووسیبووم، بەمەبەستی پیچانەوەی پەروەندەی کردنەوەی مزگەوتیك لەنیوەندی سێ خویندنگایاندا لەو شارە، بەپیویستم زانی وەلامەکەی بەشیوەیەکی کراوە بدەمەوە، وکۆپی نامەکەشی لەگەڵ نووسینەوەی بەرینووسی کوردی ئەکەمە پاشکۆی وەلامەکەم.**

**بەداخەوە "سەنگاوی باستانی" لەگۆشە تاریکەکانی دەربەندیخانەوە بەرامبەر بەرووخساری جوان وشارستانی ئەو شارە وەستاوە، وبەخۆشحالییەکی سەیرەوە هەوالی ئەوە دەدات کەگوایە لەمرۆژانەدا لەناو ئەو سێ خویندنگایەدا "راپرسی" ئەنجامدراوە وزۆرینەی خویندکاران ومامۆستایان-بەگویرەی نامەکەی ئەو- دەنگیانداوە بەکردنەوەی مزگەوتەکە! لەهەمان کاتدا چەند مەسەلەی تریشی وورووژاندووە کەوەلامدانەوەیان بەسوود دەبینم.**

**پیشلەهەر شتێ ئەوەندەی بەکیشەی کردنەوەی مزگەوتەکەوە پەیوەستە، ولەمالپەری دەربەندیخاندا بلاوبۆتەوە، تائیستا شارەوانی دەربەندیخان بریاری کردنەوەی مزگەوتەکەی راگرتووە. هەرچەند ئەمە بەمانای بلۆککردنی پەروەندەی ئەم مزگەوتە نییە لەو شوینەی بریاری لەسەر درابوو، وەنارەزایەتی خویندکارانیش هەروا بەردەوامە بۆ پیچانەوەی تەواوی ئەو پەروەندەیە، وتارادەیەکی باشیش لەئاستی کوردستان ودنیاشدا لەناو جالیەی کوردیدا، پشتیوانییەکی زۆر بۆ ئەم خواستە بەجێ ورەوایە کۆبۆتەوە. بەلام دەستیك لەناو رەشایی وتاریکییدا بەپشتیوانی ئیسلامی سیاسی وئەو لایەنانەش کەبەرژەوەندییان لەبرەوسەندنی کۆنەپەرستی وخورافاتی مەزهەبیدا هەیە، لەهەولی ئەوەدان ریزی نارەزایەتی خویندکاران و خەلکی دەربەندیخان تیکبدەن وناکۆکی بخەنە نیویانەوە، بەناوی تەبلیغاتی پرووپووچی لەچەشنی ئەمەی کەخەلکی کوردستان موسلمانن ومزگەوت کاریگەری خراپی نییە بەسەر باری پەروەردە وخویندنەوە، دەیانەوێ بەهەموو شیوەیەك ئەم خواستە بەرهەق ورەوایە سەرکوتبکەن وپاشەکشە بەخویندکارانی**

زانستخواز وئازادیخواز ودەنگی دانیشتوانی دەربەندیخان بکەن. بەم مانایە تائیرە کیشەکە بەباری بەستنی کردنەوەی مزگەوتەکەدا رۆشتووە وراپرسییەك دیار نییە ئەنجام درابیت. چونکە راپرسی خۆی بەمانای فەراهەمکردنی کەش وهەوایەکە بۆ هاوولاتیان هەتا ئازادانە لەبەر رۆشنایی هەموو لایەنە پەروەردەیی وزانستی ودەروونییەکانی خویندکاراندا، وەلەبەرژەوەندی پرۆسەیەکی دروست وسالم وهاوچەرخدا ئەنجامدەدریت. بەلام ئەم خواستەی خویندکاران هیندە بەرهەق وروون ورەوایە ئەگەر کەسیك یالایەنیك بزمار لەکەوشیدا نەبێ وبەشوین مەبەستی ناشەریف وکۆنەپەرستانە وسیاسی بەرتەسکی خۆیەوە نەبێ، ناتوانێ بەرامبەر بەم خواستە بوەستیتەوە. کۆنەپەرستان وئیسلامی سیاسی ودارودەستەکانیان نەبێ، سەرتاسەری خەلکی کوردستان ئەوە وەکو رۆژ لایان روونە کەمزگەوت دەبێ شوینی تایبەتی ئەو کەسانە بیت کەخواپەرستن، ونابێ بکریتە شوینیکی گشتی وکۆمەلایەتی، ونابێ وەکو دامەزراوەی مەدەنی کۆمەلایەتی دابنرێ. بەلام بەهۆی مەیداندارکردنی ئیسلامی سیاسییەوە لەلایەن ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستانەوە، وبەهۆی بەهرەکیشی ئەو حیزبانە خۆشیان لەپەرەسەندنی خورافاتی مەزهەبییەوە، مزگەوتەکان بوونەتە مەرکەزی چالاکی سیاسی وکۆمەلایەتی تیرۆریزمی ئیسلامی وراستەوخۆش کاریگەری خراپ ودژە ئینسانی ودژەزانستی ئەکاتە سەر کۆمەلگا. جاچجای ئەوەی مزگەوتیك وەکو دومەلیك لەسەر سنگی سێ ناوەندی خویندن وپەروەردە وفیربوون قووتبکریتەوە! من لیرەوە بانگەوازی سەرجەم خویندکارانی شارۆچکەی دەربەندیخان ودانیشتوانی ئەو شارە وکەسوکاری خویندکاران دەکەم، خواستەکەکانتان ئیجگار روون ورەوایە وبەیەکگرتووترکردنی ریزی خۆتان ونارەزایەتییتان بۆ دوور رراگرتنی رۆلەکانتان وئایندەیان وپرۆسەی خویندن وزانست لەشارەکەتاندا هەتا بلۆککردنی پەروەندەی ئەو مزگەوتە لەنیوەندی سێ خویندنگاکەتاندا دریژەبدەن بەنارەزایەتییەکانتان. یەکیتیتان زامنی سەرکەوتنتانە. دلنیتان دەکەم زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستانتان لەگەلە لەناوەوە ولەدەرەوە.

بەکاکە سەنگاویش دەلیم، ریگایەك گرتووتە تاریکییە ونەك هەر دژی ئەو خویندکارانەیە کەخواستیان پاککرراگرتنی قوتابخانەکانیانە لەمزگەوت وخورافاتی دینی، بەلکو دژی تۆش وئایندەی خۆشت ونەوەکانیشتە. بانگەوازت دەکەم تۆش دەنگی خۆت بخەیتە پال ئەو دەنگە بەرز وسەرکەشەی دەربەندیخان ووەکو قەلایەك بەرامبەر بەتاریکی راوەستێ.

سەبارەت بەوەش کەدەلییت خەلکی کوردستان موسلمانن ودەبێ ریزلەهەستی ئاینییان بگیرێ، ئەبێ بلیم، لەراستیدا ریشەی ئینسان بەگشتی زۆر کۆنتر وقوولترە لەهەموو ئایین ومەزهەبەکان. هیچ ئاییینیك لەرووی سروشتییەوە پەیوەندی بەهەست وشعوری مرۆڤەوە نییە. دەسکردی ئینسانە وبەزۆر کراوەتە بەشیك لەهەستیان. تەنیا بەم دەلیلەی ئەگەر بۆ یەك لەحزە بیهینیتە پیش چاوت، کەهەموو مزگەوتەکان جیابکرینەوە لەریچکەی دامەزراوەی مەدەنی وکۆمەلایەتی،وە وەزارەتەکانی ئەوقاف لابرین وبودجەی زۆروزەبەندی تەرخانکراو بۆ بلاوکردنەوەی خورافاتی مەزهەبی ببریت ومەلا وئاخوند ودارودەستەی

**مشەخۆری ئاییني بگەڕرینرینەوە بۆ ناو ژیانی ئاسایی و،وەکو هاووڵاتیانی دیکە لەکەنالیکی کۆمەڵایەتیدا کاربکەن، وبەیەك قسە دین لەدەولەت ولەپەروەردە وفیرکردن وپرۆسەی خویندن وزانست جیابکریتەوە وبکریتە ئەمر ومەسەلەی تایبەتی ئینسانەکان، ئەوسا بۆت دەردەکەویٚ چبەلایەکی گەورە بەسەر سەری خەلك وکۆمەلگا وبەسەر ئایندەی منالآنەوە پاکبۆتەوە!! بۆیە من نووسیبووم دەربەندیخان لەبەرامبەر تاریکیدا، چونکە حەرەکەت وخواستەکەیان لەدواشیکردنەوەدا دەچیتەوە سەر ئەم ریچکە ئەصلییە. یانی بزووتنەوە وخەباتیك لەپیناوی جیاکردنەوەی دین لەدەولەت ولەپەروەردە وفیرکردن.**

**سەبارەت بەمەسەلەی هەلبژاردنیش کەباست کردووە، بۆ هەموو لایەك دەرکەوت ئیستا وەکو کاتی خۆی ئیمە ووتمان، ئەوەی لەژیر چاودیری ئەمریکای داگیرکەردا سازکرا، نەك تەنانەت هەلبژاردن بەمانای هەلبژاردنی فۆرمالی جیهانیش نەبوو، بەلکو گالتەجاریك بوو هیزە قەومی ومەزهەبی وعەشیرەتییەکان سازیانکرد، بۆوەرگرتنی پەنجەمۆریك بۆ شەرعییەتدان بەدۆزەخیك کەئەم هیزانە لەپیناوی مەرامی سیاسی خۆیان وگەیشتنیان بەدەسەلآتدا ئەنجامیاندا. هەموو شتیك بەر لەگالتەجارەکە ئاشکرابوو. ئیئتلاف ئەو لایەنانەی ئیستا لەژیر ررەحمەتی دەبابەکانی ئەمریکادا خەریکی تەقسیمکردنی دەسەلآت وداهات وزەوی وتەنانەت ئینسانەکانی ئەم وولاتەشن لەسەر بنەمای قەوم وتائیفە وئایین، بۆمبیکی تەوقیتکراوە کەدرەنگ یازوو دەتەقیتەوە وژمارەیکی زۆر لەخەلکی بێتاوانی ئەم وولآتە دەبنە قوربانی.**

**ستالینیش لەبەرگی کۆمۆنیستیدا سەر بەسیستەمیکی کۆمەڵایەتی وجیهانیك بوو کەئەوساش وئیستاش لەبەرامبەر مرۆڤایەتیدا وەستاوەتەوە. یانی سیستەمیك کەزۆربەی هەرەعەزیمی خەلکی ناچارن بۆ ئەوەی بژین،هەموو رۆژیك دەبیٚ هیزی کاریان بفرۆشن. وەکەمایەتییەکی مشەخۆریش خاوەنی سەرمایە ودەسەلآت وهەموو شتیك بن. بەلآم ئەوە راستەلییت، وە دلنیاشت دەکەم کەئەو کەمایەتییەی وڵاوتی ئەمە هەلبژاردن نییە گالتەجارە وکلاولەسەرنانی خەلکییە، کەمەری بەستووە بۆ یەکگرتووکردنی خەلکی عیراق وکوردستان لەدەوری بەدیلی سیاسی جیگانیازی خەلکی عیراق و، بەگۆررانی هیزهاوسەنگی بەبەرژەوەندی خەلکدا، دوای کردنەدەرەوەی ئەمریکا وبررینی دەستی ئیسلامی سیاسی، یەکەم هەنگاوی جیاکردنەوەی دین دەبیت لەدەولەت ولەپەروەردە وفیرکردن،وە وەکو ئەمری خصوصی تاکەکانی لیدەکات.**

2005-04-16

**(نامەکە بەرینووسی کوردی):—**

**بەریزم سلآو**

**کاک محمد**

**ئەمرۆ بابەتەکەی بەریزتانم خویندەوە لەسەر مزگەوتی دەربەندیخان،**

**بەریزەکەم بۆ زانیاری بەریزت من خەلکی ئەو دەڤەرەم**

**لەم رۆژانە راپرسی کرا لەهەردوو قوتابخانەکە، مزگەوتەکە لەنیوانیان ئەکریتەوە زۆربەی مامۆستا وە قوتابیان رازین بەکردنەوەی وە 5 ریکخراوە رازین بکریتەوە تەنها 2 ریکخراوە نەبیت، یەکیکیان سەربە PUK ئەوەکەش سەربە شیوعی,,**

**ئەگەر بیینە سەر راپرسی ، دەنگدان ، ئەوە زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە کەدرووست بکریت وە هیچ باری قوتابیان ناگۆرریت,,,**

**وادیارە بەریزت کەسیکی کۆمۆنیستی بۆیە جێبەجێکردنی ئایینی بەخورافات تەماشادەکەیت،، مرۆڤ ئەبیت ریز لەهەستی ئایینی کەسەکان بگریت،،، وەزۆرینەی خەلکی کوردستان موسلمانن، دیارە خوا رەحمی کردووە کۆمۆنیستەکان بینە سەر حوکم،، ئەگینا وەك ستالینی مامۆستایان هەزارەها مزگەوتیان ئەروخاند،،، ئەم هەلبژاردنەش سەلماندی کەبە پەنجەی دەست ئەژمیردرین،،،**

**ئیتر خۆشیت**

| | |
|---|---|
| **From:** | "sangawi bastani" <davan2004@hotmail.com> Add to Address Book |
| **To:** | mgafor@yahoo.com |
| **Subject:** | slaw |
| **Date:** | Sat, 16 Apr 2005 16:36:58 +0000 |

```
barezm slaw
kak mohamad
amro babatakai bareztm xendawa la sar  mzgawti darbandixan,
barezakam bo zanyari barezt mn xalki aw davaram
lam rojana raprsi kra la  hardo xotabxanaka la  mezgawtaka la newanyan
akretawa zorbai zori mamosta wa xotabiyan razin ba kerdnawai wa 5
rexrawa
razin bekretawa tanha 2 rxrawa nabet  yakekyan sar ba  puk awksh
,,shoi,,
agar benasa sar  rapersi dangdan awa zorina la gall awaya ka drost
bekret wa
hic la  bari xotabiyan nagoret,,
wadiyra barezt kaseki komanisti boya  jebaje kerdeni aiyni ba xorafyat
tamasha akait,, mrov abet rez la hasti aiyni kasakan begret,,,wa
zorinai
xalki öurdstan  mosolmanaen nak komanist , diyara  xoa rahmi nakrdoa
komanistakan bena sar hokem agina wak ,,stalini mamostayan hazaraha
mzgawtyan arokan,,am halbejardnash salmani ka ba panjai dast ajmeren,,,
iter xoshit
```